## گەڕانەوەی نور بۆ ماڵەوە: لە ئاوارەبوونەوە بۆ خۆڕاگری



نورلە کاتی جێهێشتنی سەنتەری بەڕێوەبردنی کەمپی حەسەن شام U2 و خۆئامادەکردن بۆ ڕۆشتن و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق/مێگان جیۆڤانێتی)

**نەینەوا، عێراق** – لە ڕۆژێکی باراناوی و سەرەتای بەهاردا، نور* لە سەنتەری بەڕێوەبردن لە کەمپی حەسەن شام U2 بۆ ئاوارەکان لە پارێزگای نەینەوا دانیشتبوو و چاوەڕێی بینینی ڕاوێژکاری تەندروستی دەروونی و پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی بوو. لە ڕووخساری نوورەوە جۆرێک لە هیوایەکی چاوەڕوانکراو دەبیندرا... لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، نور و خێزانەکەی، پاش بەسەربردنی حەوت ساڵ لە کامپەکەدا، دەبوو بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان لە باشووری نەینەوا.

نور شەڕەکەی بیر کەوتەوە، ئەو شەڕەی وایکرد کە ڕوو بکەنە کەمپەکە و وتی: "بەهۆی ترسەوە ناچار بووین بەجێیبهێڵین. پارەمان نەبوو و شوێنێک نەبوو بۆی بڕۆین. ماڵەکەمان وێران بوو. چی تر بکەین؟ هیچمان نەبوو". بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەگەڵ سێ منداڵەکەی و دایکی و خوشک و براکانی لە خێمەیەکدا ژیان. دوای ماوەیەکی کەم لە نیشتەجێبوون لە کەمپەکەدا، باوکی بەهۆی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد.

لەدەستدانی باوکی و ساڵانی دواتر ئاوارەبوون، زیانێکی گەورەی بەسەر نوردا هێنا. هەستی دەکرد ژیانی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی دەرچووە، ناتوانێت بیرکردنەوە نەرێنییەکان سەرکوت بکات. زۆر بە زەحمەت دەیتوانی بەردەوامی بە ژیانی بدات. لە هەندێک کاتدا، ئەو سەختییانەی نوور لەسەر منداڵەکانی ڕەنگیان دابووەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوانیان هەبوو.

لەکاتی ئامادەکاری بۆ ڕۆشتنەوەیان، نوور داوای هاوکاری تەندروستی دەروونی لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کرد. دوای چەندین کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری تاکەکەسی و وەرگرتنی ئەو دەرمانانەی لەلایەن پزیشکی دەروونییەوە بۆی نووسرابوو، نوور هەستیکرد کە باری دەروونی و بیرکردنەوە و بە گشتی، باش بووە. ئەو بە ئێمەی گوت: "[ڕاوێژکارەکەم] یارمەتی دام کە خۆم جڵەوی ژیانی خۆم بگرمە دەست و خۆم بڕیارەکانی خۆم بدەم، چونکە پێشتر دەسەڵاتی بڕیاردانم نەبوو. هەمیشە دەترسام. ئەو یارمەتی دام باوەڕم بە خۆم هەبێت و پشت بە خۆم ببەستم و داهاتوو بە شێوەیەکی جیاواز خەیاڵبکەم. ئێستا زۆر گەشبینترم بۆ داهاتووم”.

بەڵام گەورەترین و پاداشتترین دەستکەوت بۆ نور نوێبوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکانی بوو. نوور دەڵێت: "کاتێک منیان بینی کە گۆڕاوم، ئەوانیش گۆڕان." بەهۆی دانیشتنەکانی تەندرووستی دەروونیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، نور فێری میکانیزمەکانی مامەڵەکردنی دەروونی بوو، و زیاتر ئامادە بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە.

نور گوتی: "هەموو شتێکی دیکە باشترە لەوەی لەم کەمپەدا بیت". بەردەوام بوو و گوتی: "هەست بە ئاسوودەیی دەکەم کە دەگەڕێمەوە، تەنانەت ئەگەر خانووشم نەبێت." نور و خێزانەکەی پلانیان وایە کە چادرێک لەسەر زەویی خێزانەکەیان هەڵبدەن، تا ئەو کاتەی خانووەکەیان دروست دەکەنەوە. ئێستا، گەورەترین خەونی ئەوەیە کە منداڵەکانی ژووری تایبەت بە خۆیان هەبێت. "کاتێک دەگەڕێمەوە، خۆ هیچ نەبێت لە شوێنێک دەژیم کە خۆم خاوەنیم."




چەندین خێزان کەلوپەلەکانیان لەناو ئۆتۆمبێلدا کۆدەکەنەوە و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی کەمپەکە بەجێبهێڵن و بۆ شوێنی زێدی خۆیان. ئەمەش وەک بەشێک لە بەرنامەی ئاسانکاری جوڵانەوەی خۆویستانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ. نەینەوا، ئازاری ٢٠٢٤. وێنە: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ٢٠٢٤/سەعد ئەلمێریوانی

نور بەردەوام دەبێت لە بینینی ڕاوێژکار و پزیشکی دەروونی لە زێدی خۆی بۆ ئەوەی دوای گەڕانەوەی گواستنەوەیەکی بێ کێشە و تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگادا، مسۆگەر بکات.

خێزانی نور یەکێکە لەو ٢٤٣ماڵباتەن کە بە پاڵپشتی گواستنەوەی ئاسانکارییبۆکراوی خۆویستانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، گواستراونەتەوە یان گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان لە دەوروبەری نەینەوا و سەڵاحەدین. بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری دووبارە ئەزموونکردنەوەی ڕووداوە سەختەکان یان یادەوەرییە دڵتەزێنەکان لەم پرۆسەیە و دڵنیابوون لە سەلامەتی و ئاسایشی هەموو خێزانەکان، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پشتگیری لە گەڕاوەکان دەکات بە درێژایی تەواوی پرۆسەکە، لە تۆمارکردنەوە تا نیشتەجێکردن و دواتر، یەکخستنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی لە هەموو قۆناغێکدا. بە هۆی پشتیوانی نووسینگەی دانیشتووان، پەنابەران، و کۆچی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمیرکا، ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکرێن: مامەڵەکردن لەگەڵ فشاری دەروونی، کۆبوونەوەکانی پشتیوانی تاکەکەسی و گروپی، کۆبوونەوەکانی پەروەردەی دەروونی، سەردانی خێزان و ڕەوانەکردن بۆ شێوازەکانی تر، بە پشتبەستن بە پێداویستییەکانی تاک.

لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق پاڵپشتی زیاتر لە ٤٣٥٠ ئاوارەی کردووە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بەردەوام لە ڕێگەی گەڕانەوەی هۆشیارانە و خۆویستانە بۆ زێدی خۆیان و گواستنەوە لە ژێر پرۆژەی گواستنەوەی ئاسانکارییبۆکراوی خۆویستانە. هەوڵەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق بۆ پێشخستنی چارەسەری خۆوسیتانە، سەلامەت، شکۆمەندانە و بەردەوام، بۆ مەسەلەی ئاوارەبوون، لەلایەن چەندین هاوبەشی نێودەوڵەتییەوە پاڵپشتی دەکرێت، لە نێویاندا حکومەتی ژاپۆن، وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا، وەزارەتی دەرەوەی نەرویج و دیوانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ دانیشتووان، پەنابەران و کۆچکردن (PRM).

*ناوەکە گۆڕدراوە بۆ پاراستنی ناسنامەی کەسەکە

**English**

Quote: *“[My counsellor] helped me take ownership of my life. Now, I am more optimistic for my future.”*

Caption: *After seven years at Hassan Sham U2 camp in Ninewa, Noor is returning home, empowered by the mental health support she received every step of the way. Read her story here: [insert link]*

**Kurdish**

Quote:

" [ڕاوێژکارەکەم] یارمەتیم دام کە خۆم خجڵەوی ژیانی خۆم بگرمە دەست. ئێستا، گەشبینترم بۆ داهاتووم."

Caption

دوای حەوت ساڵ لە کەمپی حەسەن شام U2 لە نەینەوا، نور بەبەهێزییەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە بەهۆی ئەو پشتگیرییە دەروونییەی کە لە هەموو هەنگاوێکی ڕێگاکەدا وەریدەگرت. چیرۆکەکەی لێرە بخوێنەرەوە: [link]

<u>#2: FVM</u>

**English**

*A new chapter begins for 243 families as they leave behind Hassan Sham U2 camp and return or relocate to Ninewa and Salah al-Din. Read how IOM supported Noor prepare for her move here: [insert link]*

**Kurdish**

لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ٢٤٣ خێزان دەست پێدەکات کاتێک کەمپی حەسەن شام U2 بەجێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە، یان دەگوازرێنەوە، بۆ نەینەوا و سەڵاحەدین. لێرەدا زیاتر بخوێنەوە دەربارەی چۆنیەتی یارمەتیدانی نوور لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ ئامادەکاری گواستنەوە: [link]